# بیری ئازاد و بازاڕی ئازاد

نووسینی : ئەوڕەحمان مەلا سەعید زەنگنە.

## بەشی یەکەم .

لە گەرمەی شەڕ و پێکدادان و دەسەڵاتە بەرفرەوانەکەی سمایل ئاغا ( سمکۆی شکاک ) دژ بە حکومەتەکەی حەمەڕەزاشای ئێران ، شاهەنشای ئێران بە مەبەستی داتەکان و دابڕینی شۆڕشەکەی سمایل ئاغا لە کوردەکە ، خۆی لەگەڵ هاودەم و تێکڕای وەزیرەکانیدا ، گەشتێکیان بە کوردستاندا کردبوو و لە نێوان هەردوو شارەکەی ورمێ و سەڵماسدا کەوتبوونە بۆسەی جەنگاوەرەکانی سمایل خانی سمکۆوە ، وەک لە مامۆستای کورددا هاتووە ، ژمارەی جەنگاوەرەکانی سمکۆ خۆی دەدا لە نزیکەی پێنج هەزار سوارەی چەکدار، سەرجەمی ژمارەی تاقمەکەی شاهەنشای ئێرانیش لە شەست و دوو کەس تێی نەپەڕاندبوو ، پیاوماقووڵ و وەزیرەکانی شا دەڵێن ئەگەر ئەم شەومان بە سەلامەتی بۆ بچێتە سەر و بتوانین سمکۆ بخلافێنین و فریوی بدەین و نەکوژرێین ، واتە ئەم ژیانە و ئەم تەمەنەش دووبارە و سەرلەنوێ نووسراونەتەوە . یەکێک لە وەزیرەکانی شا بەو مەبەستەوە باوەش بە سمایل خاندا دەکات و ئەملاولای ماچ داکات و بە دڵێکی لەرزۆک و ڕوویەکی گەش و خۆشەوە پێی دەڵێ : ئەوە خودی شاهەنشای ئێران بە تایبەتی و بۆ دانوستان و گفتوگۆ و بەستنی پەیمانێکی دۆستایەتیی هەتاهەتایی ، تەشریفیان بۆ لای ئێوە هێناوە ، هێشتا جەنابی وەزیر قسەکەی تاواو ناکات ، سمکۆ دەکەوێتە کەڵکەڵەی گرتنی وێنەیەک لەگەڵ شاهەنشادا ، شا کە ئەم جموجوڵ و ڕەفتارە ناچیزە لە سمایل خانی سمکۆ دەبینێ ، بۆی دەردەکەوێ ڕاددەی عەقڵ و بیرکردنەوەی لە چ ئاستێکدایە ، بۆیە بە نەنگیی دەزانێ وێنەی لەگەڵدا بگرێ ، بە وەزیرەکانی دەڵێ ئێوە ئەمڕۆ وێنەی لەگەڵدا بگرن ، من سبەینێ وێنەی تایبەتی لەگەڵدا دەگرم . ئەم پلانە بە تەنیا و بۆ سەلامەتیی ئەو شەوە مێژووییە بەس نەبوو ، بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەگەر سمکۆیان لێ دابڕێ و مەودای بیرکردنەوەی بۆ بڕەخسێ ، لەوانەیە بە دەسرێژێک هەموویان بکوژێ و بێ چەنوچوون خۆی ببێتە شاهەنشای هەموو ئێران . وەزیرێکی دیکەیان کە پێشتر بیستبووی سمایل خان زۆر هۆگر و خولیای یاریکردنی نەردین و تەختە و تاوڵەیە ، هەڵیدەداتێ و دەڵێ : وەک ئاشکرایە یاریی تەختە و تاوڵە فارسەکان دایان هێناوە ، بەڵام من بیستوومە کە سمایل خان شۆڕەسواری ئەم مەیدانەیە ، ئەگەر بێت و لە وەزیرێکی بە ڕەچەڵەک فارسی زوبانی بەرێتەوە ، واتە سمایل خان لە ئێرانی ئێرانیترە . سمایل خان باڵا بەم قسانە دەکات و دەسبەجێ داوای تاوڵە دەکات ، وەزیرەکە بۆ ئەوەی زیاتر سمایل خان پابەندی یارییەکە بکات ، دەڵێ بۆ ئەوەی وەستا و ناوەستا بەدەر بکەوێت پێویستە یارییەکەمان لەسەر پارە بێت ، سمایل خان دوو هێندەی دی شاگەشکە دەبێ ، وەزیرەکان بەنۆرە بەرامبەری لێ دەگرن و درێژە بە یارییەکە دەدەن و بە دەستی ئەنقەست و بۆ

ئەوەی زیاتر هۆگری یارییەکەی بکەن ، پارەیەکی زۆری پێ دەدۆڕێنن ، بەڵام سمایل خان هەر چاوە چاوەی ئەوەی دەبێ ، کەی نۆرەی شا دێت و بەرامبەر بە شاهەنشا دانیشێ و یاری بکات ! بۆ زیاتر کەیفسازکردنی یارییەکە ، جاروبار شا بە ( بەه بەه و بارەکەلا ) دەس بە پشتی سمایل خاندا دەدات . ئەو شەوە سمایل خان ئەوەندە پارە دەباتەوە ، تا بە جارێ ماندوو و لە پەلوپۆی دەخەن . دەمەوبەیان شا دەڵێ ئەمجار با بخەوین و یارییەکە بۆ سبەی هەڵگرین . هەر ئەوەندە کە سمکۆ چاوی دەچێتە خەو ، ئەمان بە ئەسپایی و بەبێ چرپە و بەبێ ئەوەی کەس گومانیان لێ بکات ، سواری ئۆتۆمبیلەکانیان دەبن و تێی دەتەقێنن و بۆی دەردەچن ، جەنگاوەرەکانی سمکۆی شۆڕشگێڕیش وای بۆ چووبوون کە سمایل خان خۆی ئیزنی دابن ، چاشتەنگانێکی درەنگ کە سمکۆ لە خەوە خۆشەکەی و بە نیازی تاوڵەکردن لەگەڵ شاهەنشادا بەئاگا دێتەوە ، ئیدی کار لە کار ترازابوو و ئەو کاتە بۆی دەردەکەوێ کە چۆن ئەو شەوە لەخشتەیان بردبوو و کردبویانە بازیچەی دەستی خۆیان . وەزیرێکی شاهانە لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ : ( ئەو شەوە دێرین و مێژووییە سمایل خانی سمکۆ پارەیەکی زۆری بردەوە ، بەڵام کێشە سەرەکییەکەی دۆڕاند ) .

زۆر ڕاستە کە وتراوە : ( ڕووداوە مێژووییەکان خۆیان دووبارە دەکەنەوە ، یان مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە ) . ئەوەتا بە ئاشکرا سەرانی کورد لەم بارودۆخە ناسک و ئاڵۆزەدا هەموو کێشە گرنگ و بنەڕەتی و سەرەکییەکانی کوردیان بە هەڵپەسێنراوەیی بە لاوە ناوە و سەرلەنوێ خەریکی تاوڵی و نەردێن و بەشینەوەی دەسەڵات و بیری تەسکی حیزبایەتی و شەڕە پەڕۆ و شەڕە قۆنتەراتی نامەشرووع و ناکۆکی و ناتەبایی و بوختان بۆ یەکتری هەڵبەستن و لە بیری بووژاندنەوەی دووبەرەکیدان . ئەمریکا لافی ئەوە لێدەدات ، کە لە نێوان کوردەوە دەیەوێ دیموکراتییەت لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەرقەرار بکات ، کەچی سەرانی هێزای کورد تازە بەتازە دەیانەوێ دیکتاتۆرییەتێکی ژەنگهەڵگرتووی ستالینیمان بە سەردا داسەپێنن ! پەرلەمان کە نوێنەری ڕاستەقینەی هیوا و ئاواتی ئەو میللەتەیە ، چونکوو دەسەڵاتی تەسکی حیزبایەتی و مەحسووبییەت و بیرۆکراتییەت دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە و دەسەکان دەخاتە ڕوو ، زندەقیان لێی چووە و ئەوتا زیاد لە سێ مانگە هەر جارەی بە بیانوویەک دامەزراندنەوەکەی دوا دەخەن و خەڵکەکەشی لێ بێ هیوا دەکەن ! وا بزانم پەرلەمانەکەمان دەمێکە کاتی ئەوەی هاتووە ، کە پێکەوە و لە تێکڕای مزگەوتەکاندا بە بڵندگۆ دەنگی لێ هەڵبڕین و بانگێکی فەرەجی بۆ بدەین ، تاوەکوو لەدایکبوونەکە لەوە زیاتر دوانەکەوێ و دایکەکەش بە سەر ئەو منداڵبوونەوە سەری تێدا نەچێ .

ڕژێمی بەعس بە هەموو دڕندایەتییەکی خۆیەوە و بە درێژایی سی و پێنج ساڵ لە تۆقاندن و کوشتن و بڕین و ئەشکەنجەدان و ئەنفال و بەکارهێنانی گازی کیمیاوی ، قەت وەک ئێستای پارتی و یەکێتی ، نەیتوانی هەموو دەزگا مەدەنی و پیشەییەکانی کوردستان کۆنترۆل بکات و بەم جۆرە ناجۆرەی ئێستا بیانخاتە ژێر چاودێری و دەسەڵاتی

بەرفرەوانی حیزبەوە ، ئیتر هەر لە یەکێتی قوتابیان و مامۆستایان و لاوانەوە بیگرە تا دەگاتە دامودەزگاکانی دارایی و ئابووری و ئافرەتان و دادوەری و تانانەت وێژەیی و بوارە ڕۆشنبیرییەکانی دیکەش . ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لە کوردستاندا بەدی ناکرێ سەر بەم حیزب یان ئەو حیزب یان حەڵقەلەگوێ و لە ژێرەوە پارە لەو دوو حیزبە وەرنەگرێ . گۆڤار و ڕۆژنامە و نووسەر و هونەرمەند ، لە هەموو وڵاتانی جیهانی تەنانەت نیمچە دیموکراتیشدا ، دەبنە مینبەر و ئاوێنەیەک و بیروبۆچوون و ڕەنگی ئەو خەڵکە دەدەنەوە و دەرد و مەینەتییەکانی جەماوەر دەگەیەننە گوێی دەسەڵاتداران ، کەچی لە کوردستانە وێرانەکەی لەمەڕ ئێمەدا بە پێچەوانەوە ، ڕۆشنبیر و هونەرمەند و نووسەر و ڕۆژنامەنووس ( پەرژینێکی قایم بێت ) وەکوو لۆتی و تووتی و چاوەش ، کراونەتە زوڕناژەن و سەماکەر و شاباشکەر و ئاوێنەی حیزبەکان و ڕەنگ و بۆن و بیروبۆچوونی حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە لای جەماوەر دەدەنەوە ! لە کوردستاندا هونەرمەند و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی سەرکەوتووی خاوەن پارە و دەسەڵات ، ئەوانەن کە تا ڕاددەیەکی کاریگەر ، بتوانن پاساوی ڕەفتاری نامەسئولانەی حیزبەکان و داکۆکی لە کەموکوڕی و لادان و بێدادی و خیانەت و دزی و جەردەیی و ڕووتانەوەی جەماوەری چەوساوەی بێدەرەتانی کورد بکەن ! من لێرەدا وانەبێ پەنجەی تاوان بۆ نووسەر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە شیرینەکەم درێژ بکەم ، تەنانەت من خۆم لە هەموو ئەو زاتانەش بە کەمتر دەزانم ، بە پێچەوانەوە من هەردوو حیزبە نادیموکراتییە دەسەڵاتدارەکەی پارتی و یەکێتی تاوانبار دەکەم ، کە ڕۆشنبیرانی زێد و وڵاتەکەم ، بەو چەشنە ناشارستانییەتە ناچار دەکەن کە پەنا بۆ ئەو تەرزە ڕەفتارە دزێو و بزاڤە نامرۆڤانە بەرن . بە دووری مەزانن کە ئەگەر منیش لەو دەزگا نارۆشنبیرانە وەکوو ڕۆژنامەنووسێک کارم بکردبایە ، بژێوی ژیان ناچاری دەکردم کۆپییەکی ئەو نووسەرە بەرێزانە بم ، چونکوو لە شاری کوێراندا دەبێ دەس بە چاوتەوە بگری و نابینا بی ، لە شاری کەڕانیشدا دەبێ قرۆقپی لێ بکەی ، لە پەنا ڕژێمێکی ڕەفتار دیکتاتۆر و دەسەڵاتدارانی نادیموکراتیشدا ، دەبێ بە ئارەزووی هەوا و هەوەس وخواست و ویست و بۆ هەڵسوڕاندنی بەرژەوەندییە تایبەتی و بیری تەسکی حیزبایەتیی ئەواندا ، مەسەلەکان سەروبن و لنگەوقووچ تاوتوێیان بکەی ! هەرچەندە دڵنیام کە ئەگەر چەرخی زەمانە و بیری لیبرالییانەی شارستانییەت و دەورانی ڕۆژگار ، دەسەڵاتدارانمان فێری ئەوە نەکات وەکوو قوتابییەک ، لە میحرابی شارستانییەتدا ، ئەلف و بێی یەکەم وانەی پڕ شکۆی دیموکراتییەت ، لە کانیاوی قوتابخانەی سەرەتایی مرۆڤدۆستیدا هەڵێنجێنن ، هەزار هێندەی ئێستا پارە و دەسەڵاتیان بەربڵاوتر بێت ، چارەنووسیان لە بینۆشێ و زیادبەڕی و ستالین و سەددام باشتر نابێ . ئایا بە چاوی خۆتان نەتانبینی سەددام لە چی ماقامێکەوە کەوتە نێو چی زەلکاوێکەوە ، مرۆڤی کارامەی ژیر ، ئەو زاتانەن کە لە وانە و پەند و لە مەینەتی و دەردەسەریی خەڵکانی دیکەوە سوودمەند دەبن . سەرانی پارتی و یەکێتی

سەرکردایەتیکردنی کوردیان بۆ خۆیان قەبلاندووە و هەر لە ئێستاوە لە کنەی ئەوەدان کە پێگەیەکی لەبار و شیاویش لە پاش خۆیان بۆ نەوەکانیان دابین بکەن . سەددام حوسێن ( قوسەی )ی کوڕە بچووکی ، بە خەلیفەی پاش خۆی قەبلاندبوو ، بینیمان خوداوەند چەندێ لە سوڵتان مەحموود گەورەتر بوو و چۆن کردینی بە پەندی زەمانە . سەرجەمی وانەکانی مێژوو ، پەند و هەڵوێست و کارەساتی لەم بابەتانەن ، بەڵام بنە گونێیەک لە گوێزی هەورامان هەڵرێژە سەر گوممەزی هەر مزگەوتێک ، نابینی تاکە گوێزێکیشی پێوە بگیرسێتەوە !

پەندێکی کۆن هەیە و دەڵێ : ( المکان بالمکین ) ، با سەرۆکی هێژا کاک مەسعوود بارزانی ، چاوێک بە حیزب و ( م . س )ینەکەی خۆیدا بگێڕێ و بزانێ چ جۆرە حاشییەیەکی لە دەوری خۆی کۆ کردووەتەوە ! خوداوەند حەزرەتی مووسای ڕاسپارد کە بە فیرعەون بڵێ چیدی لەوە زیاتر چاوپۆشی لە دیکتاتۆرییەت و بێدادی و گومڕایی و چەوساندنەوەی خەڵکان ناکات ، مووسا زۆر بە نەرمی و بە زوبانی عەقڵەوە لەگەڵ فیرعەونی ڕەفیقی منداڵییدا  دوا و پێی وت کە ئەگەر تۆ بڕوا بە خودا بهێنی ، وێڕای ئەوەی کە ئێستا لەم دونیا پاشای وڵاتی میسری ، لەو دونیاش دەبیتە پاشای بەهەشت ، فیرعەون بۆچوونەکەی حەزرەتی مووسای زۆر پێ باش بوو ، بەڵام هامانی ئەندامی مەکتەبی سیاسییەکەی و خەدەم و حەشەمەکانی دەوروبەر ، کە دەسەڵات و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان دەکەوتە مەترسییەوە ، بە هەزار ئاوازی ئەفسووناوییەوە هێندە بە گوێی فیرعەوندا خوێندیان ، تا لەو بڕیارە پەشیمانیان کردەوە ، دەرەنجام بە کوشتنی فیرعەون و حاشییەکەی کۆتایی بەو شانۆگەری و ئەو نمایشتە هات . من زۆر چاک دەزانم ، کێن ئەوانەی کە لە پشتی پەردەوە و لە پێناو وەدەسهێنانی پێگە و پایە و بە مەبەستی وەرگرتنی ملیۆنەها ، دەیانەوێ سەرۆکی هێژا کاک مەسعوود بارزانی فریو بدەن و لە پێستەکەی خۆی دەری بکەن و وێنەیەکی تەڵخی ئەوتۆ لە مێشکیدا بکێشن ، کە خۆی بە سومبول و سەرۆکی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بزانێ ! پێویستە جەنابی کاک مەسعوود لەو پەندە تێگەیشتبێ ( پەرژینێکی قایم بێ ) ، کە ( ئەگەر کەر چوو بۆ بەغدا ، نابێ بە هێستر ) ، ئەو هێسترانەی ئەورووپا کە جەنابی کاک مەسعوود چاکیان دەناسێ ، کە لە فەرەنسا و سوید و بەشەکانی دیکەی جیهانەوە ، بە مەبەستی پارە پەیداکردنەوە دەیانەوێ بەو لەخشتەبردن و خەیاڵ پڵاوییەوە ، کاک مەسعوود بارزانی تەفرە بدەن ، دەبێ جەنابیان زۆر لەوە گەورەتر بێ ، کە بەو پێداهەڵدان و مەراییکردنە فریو نەخوات ، ئەوانە لەو بۆرە پیاوانەن کە حەزرەتی شێخ جونێدی بەغدایی لە نێو بازێڕی بەغدادا ، پێی وتبوون ( معبودکم تحت قدمی ) کە لە دەوری کۆمەڵەیان بەستبوو و ویستبوویان بزانن چی لەژێر پێیدایە ، کە پێی هەڵگرتبوو ، دینارێکی لەژێردا بوو ، بەڵام ئێستا باوی دینار نەماوە و بازاڕی دۆلار لە برەودایە . کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ، پیلانێکی زۆر گەورەیە و بە دڵنیاییەوە دەیڵێم کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ، دەستی

داگیرکەرانی کوردستانی لە پشتەوەیە و دەیانەوێ کوردەکە دوچاری گێژاوێک بکەن ، ئەمسەر و ئەوسەری دیار نەبێت و هەر بە دەوری خۆیدا گێنگڵ بخوات و سوود لەم هەلە زێڕینە نەبینێت کە ئێستا بۆی ڕەخساوە ، مەبەستێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەو ڕێزەی ئێستای جەنابی کاک مەسعوود لە نێو کوردەکەدا و لە باووباپیرانەوە بۆی ماوەتەوە ، ئەوەش بدرێتە دەس ڕەشەباوە ! گریمان ئێستاش هەموو کورد دەنگی بە کاک مەسعوود دا ، ئەی ئەگەر چوار ساڵی دیکە دەنگی پێ نەدرایەوە ، ئەو کاتە ئەم ڕێزەی ئێستاشی لە نێو کوردەکەدا نامێنێ ، بۆیە باشترە کە ئەو دەنگدانە لە نێو پەرلەماندا ئەنجام بدرێ . ئیمامی عەلی دەفەرموێ ( رحم الله امرا ً عرف قدر نفسه ) . جەنابی کاک مەسعوود بارزانی ، ئەو گەندەڵانەی فەرەنسا و سوید و ئەورووپا کە نازناویان پرۆفیسۆر و دکتۆر و ڕۆشنبیرە ، لەوانەی کە ئەو تەرزە بۆچوونانەت بە گوێدا دەچپێنن ، تێکڕایان بازرگانانی خوێن و مافیای نێودەوڵەتین و چەندێ لێیانەوە بەدوور خۆت ڕاگریت ، سەد ئەوەندە لە خودا و لە میللەتە داماوەکەی خۆتەوە نزیک دەکەویتەوە . بوودجە و پارەی هەرێمی کوردستان ئەوەندە بە چڕی بە سەر سەرانی پارتی و یەکێتیدا هەڵڕێژراوە ، بە دەستێوە گیریان خواردووە و نازانن چی لێ بکەن ، سەرانی ئێمە هەرچی لاتولەواری ناوی زل و دێی وێرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەن ، لە دەوری خۆیانیان خڕ کردوونەتەوە و بە ملیۆنەها دۆلاریان بە سەردا دەبەشێننەوە ، لە کاتێکدا کە ئاوارەکانی ناو شاری کەرکووک ، لەژێر چادر و لەنێو خانووی بە تەنەکە دروستکراودا ژیان بەسەر دەبەن و دەگوزەرێنن ، جارنەجارییش بیتاقەیەکی یانەسیبی باجدانی ئەو کوردایەتییەشیان بۆ دەردەچێت و چەند ژن و منداڵێکیشیان بە گوللە تۆپی ئەو عارەبانەی کە لە کەرکووک هەڵهاتبوون و کاکە و مامە سەرلەنوێ لە نێو کەرکووکدا نیشتەجێیانیان کردنەوە ، بە گوللە تۆپی دەستی چەپەڵی ئەوان شەهید دەکرێن . سەرانی پارتی و یەکێتی ڕاشکاوانە لە ڕاگەیاندن و کەناڵە ئاسمانییەکانیاندا ، باس لە خزمەتکردنی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیرییەوە دەکەن ، زیاد لە ( **14** ) ساڵی ڕەبەقە سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و نووسینەوەی کتێبێکم لە سەر ( سۆفیزم ) ، بە قسەی خۆم نەبێت ، تاوەکوو ئێستا نەک نووسەری کورد تەنانەت هیچ نووسورێکی عەرەبیش ، وا بە قووڵی نەیانتوانیوە پەی بەو هزر و بیر و بۆچوونە مرۆڤدۆستانەی نێو جیهانی سۆفیگەری بەرن و بەو تەرزە مامەڵە لەگەڵ ڕمووزات و پێزەکانیدا بکەن وەک من دامڕشتوون . وەزیرە سوورەکەی پێشووی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی پارتی ، لە هەشتاکانەوە و لە سەردەمانی کەرەجەوە ئاشنایەتی لە نێوانماندا هەبووە ، سێ ساڵ بەر لە ئێستا نامەیەکم بە پێشمەرگەی دێرین و هێژا مام سدیق شوانیدا بە مەبەستی بە چاپگەیاندنی ئەو کتێبەوە بۆی نووسی ، ئێستاش وەڵامەکەی بە پشتی کیسەڵدا هەر بە ڕێوەیە ! دیارە سەرانی پارتی مەبەستیان لە خزمەتکردنی ڕۆشنبیر ، ڕۆشنبیری حیزبی و تەرزە ڕۆشنبیرێکە کە لە خزمەتی بیر و بۆچوونی حیزبەکەی ئەواندا بن ، سەرانی پارتی و یەکێتی بە جۆرێکی ئەوتۆ مێشکی ڕۆشنبیرانی ژێر

دەسەڵاتی خۆیان دەگوشن و هەموو دەوروبەرەکانیان بە تەلبەندی دڕکاوی دەتەنن و بە جۆرەها سانسۆری بڤە و مەکە و هێڵی سوورەوە مینڕێژی دەکەن ، هونەرمەند و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسە حیزبییەکان ، کوتومت بە وێنەیەکی ڕەشوسپیی حەفتاکان دەچن کە لە چوارچێوەیەکی قورقوشمین گیرابن و نەتوانن لێی دەربچن ، تەنیا و تەنیا لە مەراییکردن و پێداهەڵدان و پاساوکردنی ڕەفتارە ناچیزەکانی حیزبەکانیان بەولاوە ، هیچ داهێنانێکی دیکەیان پێ نەماوە ؟ پەرەسەندن و پێشکەوتنی بوارەکانی هونەر و ڕۆشنبیری لە هەر کۆمەڵگایەکدا ، بە تۆمارکردنی کاسێت و سیدێی ناچیزە و چاپکردنی زۆربێ و بۆربێی کتێبی بێ پێزەوە سەقامگیر نابێ ، بەڵکوو بیری ڕەها و ئازادیی بابەتییانەی دوور لە سانسۆرە ، برەو بە بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا دەدرێ ، هەموو ڕۆمان و دیوانە شیعر و کتێبێک بە کاری ئەدەبی ناژمێردرێن ، هەر وەک هەموو نواندن و نمایشکردن و کار و دەربڕینێکیش ، ناچنە خانەی هونەرییەوە ، ئەگەرنا مێش بە هەر کوێیەکەوە بنیشێتەوە ، لە پاش خۆی بە تۆپەڵ خاڵی ڕەش و بۆر بەجێ دێڵێ ، مێشوولوش بە هەر کوێیەکدا گوزەر بکات ، گیزەیەکی ناچیزە لە باڵەکانێوە دەردێنێ . هونەر و زانست و ڕۆشنبیری و مافی ئافرەت و قۆناغەکانی خوێندنی قوتابخانە ، لە هیچ وڵاتێکدا پەرە ناسێنێ و گەشە ناکات ، ئەگەر گۆڤار و ڕۆژنامە و دەزگا ڕۆشنبیری و پیشەیی و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ، دوور لە دەسەڵاتی حیزبەکانەوە و دوور لە هەموو سانسۆرێک پەرە بە کارەکانی خۆیان نەدەن . تا بە تەواوەتی هەموو بوارەکانی ئەو دەربڕین و چالاکییانە ، نەخرێنە ژێر ڕکێفی دەزگاکانی کۆمەڵگای سڤیلیی مەدەنییەوە ، کۆمەڵگا گەشەسەندن و پێشکەوتن بە خۆیەوە نابینێ ، تاوەکوو دادگا لەژێر ڕکێف و کاریگەریی حیزبەکاندا بێت و سەربەخۆ نەبێت ، مافی مرۆڤی کورد هەمیشە لە پێشێلکردندا دەبێت ، زانست و ڕۆشنبیری لە وڵاتێکدا برەو پەیدا ناکات ، کە پەنجا قوتابی بە چەشنی ئاژەڵ و ڕەشەوڵاخ ( پەرژینێکی قایم بێت لە قوتابییانی خۆشەویست ) بخزێنرێنە پۆلێکی سارد و سڕەوە . بەڵام ئایا سەرانی پارتی و یەکێتی لە کانگای دڵەوە مەبەستییانە مەودای هونەر و زانست و داهێنان و ڕۆشنبیری لە وڵاتەکەدا پێش بکەوێ ، لە کاتێکدا هەر لە ئێستاوە نەوەکانی خۆیان بۆ قەڵەمڕەوی و پێشڕەوایەتیکردنی نەوە چەوساوەکانی داهاتووی کورد ئامادە و تەیار دەکەن ؟ قوتابیی کورد دەبێ بە چوار کاتژمێر خوێندن و لە نێو پاڵەپەسکێی ئەو تەرزە پۆلەدا چ جۆرە زانستێک لە مامۆستا داماوەکەیەوە فێر بێت و چۆن متمانەی ئەوەی پێ بکرێ کە چارەنووسی دواڕۆژ و داهاتووی ئەم وڵاتە یەخسیرەی پێ بسپێردرێ ! قوتابییەک لەو جۆرە پۆلانەدا پەروەردە بکرێت ، لە نەفام و نەزان و پیاوکوژ و سووتەمەنیی شەڕی براکوژی و خۆفرۆشتن و قەڵەمفرۆش بەولاوە هیچی دیکەی لێ دەرناچێت . ئەم وڵاتی سویدە ، نە وڵاتێکە نەوتی هەبێت ، نە خاکێکی بەپیتی ئەوتۆی هەیە بەکاری چاندن و کشتوکاڵ بێت ، وێڕای ئەوەی کە شەش مانگی ڕەبەق لەژێر باری بەفردا ، وەکوو مێشکی دەسەڵاتدارانی لای ئێمە

دەتەزێت ، چونکوو عەقڵ بەکار دێنن و کەشێکی دیموکراتی و یەکسانی و دادوەری پیادە دەکەن ، کوڕی سەرەک وەزیران و کوڕی کرێکارێک لە یەک قوتابخانەدا دەخوێنن و لە هەموو بوارەکانیشدا بە یەک چاو تەماشا دەکرێن ، هەموو سویدییەک وڵاتەکەی خۆی لە هەموو خاکێکی دیکەی جیهان بەلاوە پیرۆزترە و لە بواری هەموو کارەکانیشدا کارساز و کارامە و لێهاتوون ، تەنانەت پۆلی قوتابخانە سەرەتاییەکانیشیان ، لە هیچ بارودۆخێکدا لە بیست قوتابی تێپەڕ ناکات ، وێڕای دەیان کۆمپیۆتەر و تۆڕی ئەنتەرنێت و باشترین خۆراکی نیوەڕۆژانە و میوە و گەشت و سەیرانی موفت و بەلاش و خەرجی مانگانەش ، پێم ناڵێن ئێوەی پارتی و یەکێتی ، چیتان بۆ ئەو کوردە داماوە کردووە ، کە هەشتا ساڵە بە دەستی ڕژێمە دیکتاتۆرە یەک لەدوای یەکەکانی عیراقەوە ناڵەیان گەیشتووەتە کەشکەلانی فەلەک ؟ کوردستان ئەفغانستان و سۆماڵ و تورکیا و سوریا نییە هیچ داهاتێکی نەبێت ، وڵاتەکەی ئێمە لە کەشتییەک دەچێ بە سەر دەریایەک نەوتەوە سەما بکات ، بۆیە پێویستە وڵاتی کورد ، منداڵی کورد ، مافی ئافرەتی کورد ، تێروتەسەلی و بەرچاوتێریی مرۆڤی کورد ، خوێنی کورد ، کەرامەتی مرۆڤی کورد ، زانستگا ، قوتابخانە ، هاوینە هەوار ، ڕێگاوبان و نەخۆشخانەکانیشمان لە گەڵ وڵاتەکانی دەوروبەرماندا و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا جیاوازییەکی سەرەکی و بنەڕەتییان لە شارستانییەت و پێشکەوتندا هەبێت ، ئەگەرنا وەکوو شاعیری هێژا کاک لەتیف هەڵمەت دەڵێ : ( چیمان گۆڕی ... ئاو یان بۆڕی ... هەر ماینەوە بە سەرشۆڕی ... ) من هیچ جیاوازییەک لە نێوان ڕەفتار دیکتاتۆرێکی عارەبی عەگاڵ بەسەرەوە نابینم ، ئەگەر کوردێکی جامانە بەسەریش دەرچووی هەمان قوتابخانە بێت و دەقاودەق وەکوو دوژمنەکە ڕەفتارم لەگەڵدا بکات ، چەوساندنەوە هەر چەوساندنەوەیە و یەک ڕەنگی هەیە ، چجا عارەبێکی شۆڤێنیی ڕەگەزپەرستی نەناس بیکات یان کوردێکی هاوشاری و هاوولاتیی خۆم ، ئێوەی پارتی و یەکێتی ئازادیتان لە هیچ لە بوارەکانی زانست و خوێندن و ڕۆشنبیری و دەزگا سڤیلییەکان و کون و قوشبنێکی کوردستاندا نەدۆزییەوە ، جگە لە بازاڕی ئازاددا نەبێت ، بەو بزاڤە شۆڕشگێڕییەتان توانیتان هەژار هەژارتر و دەوڵەمەند دەوڵەمەندتر بکەن . وڵاتێک باس لە بازاڕی ئازادەوە دەکات ، کە ئازادیی لە هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان و گوزەراندا بەرقەرار کردبێ و سەروەریی یاسای بەرز ڕاگرتبێ و هیچ کەلێنێکی دزەکردنی ئیحتیکاریی لە وڵاتدا نەهێشتبێتەوە . هێژا دکتۆر مەحموود گلەیی ئەوەی لەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارەی کوردستان هەیە کە حیزب و لایەن و کەسایەتییە بێ لایەنەکانی دیکە ، لەو کۆبوونەوە دووقۆڵییەی نێوانیاندا بەشدار ناکەن ! حەز دەکەم ئەوە بە برای هێژام کاکە دکتۆر مەحموود ڕاگەیەنم ، کە زۆر نهێنیی تایبەتمەندی بوارەکانی ڕووتاندنەوە و چەوساندنەوە و زەلیلکردنی ئەو میللەتە هەن ، کە پارتی و یەکێتی بێ چەنوچوون لەسەری کۆک و تەبان و نایانەوێ لە هەردوو لایەنەکە بەولاوە ، کەسی دیکە بەشدارییان بکات ، ئەمەش هەر دەچێتە خانەی کۆبوونەوە دووقۆڵییەکانی نێوان تورکیا و ئێرانەوە

و به موو جیاوازی له نێوانیاندا بەدی ناکرێت ، چونکوو هەردوو کۆبوونەوەکە ، ئەوەی تورکیا و ئێران بۆ نەمانی کوردە ، بەڵام ئەمەی نێوان پارتی و یەکێتی ، بۆ چەوسانەوەی کوردە . بە دووری مەزانن ئەگەر حاڵ وا بڕوا و ئەو دوو ئیدارەیە یەک نەگرنەوە و ئەو دوو سوپا و هێزە نەبنەوە بە یەک سوپا و لە یەک دیدەگاوە نەڕواننە کێشەکان ، ماوەیەکی دیکە لە پێناو دەسەڵاتێکی فرەوان و لەبارتر و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی و بەرژەوەندیی تایبەتیی دەستوپێی سەران و بازرگانانی خوێن ، ماوەیەکی زۆر نەخایەنێت کۆبوونەوەکان فرەوانتر بکرێتەوە و ئەمجارەیان پارتی و یەکێتی ، تورکیا و ئێرانیش لە کۆبوونەوە دووقۆڵییەکانی نێوانیاندا بە مەبەستی دەسکەوت و دەسەڵاتێکی بەربلاوی فرەوانترەوە بەشدار بکەن ! ئێوە بڕوانن و بزانن ئایا لە میللەتی سۆماڵ بەولاوە ، کە دواکەوتووترین وڵاتی سەر ڕووی زەمینە ، هیچ وڵاتێکی دیکە دەبینن کە دوو سوپای تێدا قەڵەمڕەو بێ ؟ بوونی ئەو دوو سوپایە نەبوایە شیعەکان نامەقووڵیی ئەوتۆیان نەدەکرد ، کە پێشمەرگە بە میلیشیات ناوزەد بکەن . سەیرم لەو دوو حیزبە کوردەمان دێت کە بە مەبەستی پڕوپاگەندە و ڕیکلام ، لە دیدارەکانی سەر کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانیاندا ، داوای گەڕانەوە لە کوردە ئاوارەکانی هەندەران دەکەن . کەی ئێوە توانیتان لێشاوی بە کۆمەڵ هاتنەدەرەوەی کوردە داماوەکەی ناوەوەی وڵات ، بەرەو هەندەران ڕاگرن ، ئەوجا داوای گەڕانەوە لە ئێمەمانان بکەن ، هەر هەفتەی ڕابوردوو دوو خێزانە کوردی داماوی وڵاتەکەی لەمەڕ خۆمان گەیشتنە سوید ، دڵنیام ئەگەر دەرگاکە وەکوو جاران ئاوەڵا بێت و پەناهەندەییش مسۆگەر بێت ، لە خۆتان بەولاوە ، کەسی تێدا نامێنێت ، کوردێک بچووکترین هیوای بە پاشەڕۆژی وڵاتەکەی لە دڵدا مابێت ، ملی ڕێگای هاتونەهات ناگرێتە بەر و زێدی باوباپیران بەجێ ناهێڵێت ، ئەگەر بۆ فریودانیش بێت ، با تەنیا جارێک پارتی و یەکێتی ، بەبێ فشار و دەستێوەردانی دەرەکیدا ، با لەو لەخۆباییبوون وخۆپەرستییەی خۆیان ببوورن و ڕێکەوتنێک لە نێوانیاندا بەرپا بکەن . تەنانەت دیکتاتۆرێکی وەکوو سەددامیش وا باش لێیان تێگەیشتبوو ، ڕاشکاوانە دەیوت کەی پارتی و یەکێتی توانییان لە نێوان خۆیاندا ڕێک بکەون ، من ئامادەم هەموو مافێکیان پێ ڕەوا ببینم . دواتر ئەوە بوو لەژێر فشاری خومەینیدا یەکیان گرتەوە و دەرەنجامەکەی هەڵەبجە و ئەنفالیان لێ کەوتەوە ، ئێستاش لەژێر فشاری ئەمریکادا نەبوایە ، دەمێک بوو سەنگەریان لە یەکدی گرتبووەوە ، با هەر یەکەو لەلای خۆمانەوە بیژمێرێن و بڕوانێن ، ئایا پارتی و یەکێتی ئەوەندەی بەرامبەر بە یەکدی لە سەنگەردا بوون و کوردیان بەکوشت داوە ، ئایا نیو هێندە بەرامبەر بە دوژمن جەنگاون ؟ مریشک چۆن جوجەڵەکانی خۆی دەپارێزێت ، ئێستا بە هەمان شێوە ئەمریکا ، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا کورد دەپارێزێت ، بە ئاشکرا ئێستا ئەمریکا هەلومەرجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی بۆ کورد ڕەخساندووە ، کەچی پارتی و یەکێتی لە پێناو دەسەڵات و بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتیدا شەقی تێ هەڵدەدەن ، ئەمریکا ڕاشکاوانە و

به ئاشکرا دەیەوێ بیانکاتە بەرۆک ، کەچی ئەمان لە پاڵدوویی بەولاوە بە هیچی دیکە قاییل نابن ، چونکوو پارتی و یەکێتی زۆر چاک لەو موعادەلەیە تێگەیشتوون کە لە پەنا دەوڵەتێکی دیموکراتیی کوردیدا ، ئەم دەسەڵات و کەڵەگاییەی ئێستایان بۆ ناچێتە سەر و ئەم لرفلێدانەیان نامێنێ . ستۆکهۆڵم **20 _ 05 _ 2005** .

( ماوێتی )